

فایل

FILE

# ئایندەی تورکیا و باکوری کوردستان

زوبێر ئایدار ئەندامی کۆنسەی بەڕێوبەرایەتی کۆما جڤاکێن کوردستان (کەجەکە):

# لە پرۆسەکانی ئاشتی تورکیادا مام جەلال هەنگاوی یەکەمی ناوە

## ئەمەریکا و ئەوروپا بەم زوانە لیستی تیرۆری خۆیان ناگۆڕن تا pkk لەو لیستە دەربهێنێت

سەلاح خدر - برۆکسل (تایبەت بە ئایدیا دبلۆماتیک)

IDEA DEPLOMATIC

مەسەلەی دتنوستانەکانی ئەم دوایيەی نێوان ئیمرالی و ئەنقەرە و ئەو بەرەوپێش چوونانەی پارتی کرێکارانی کوردستان و چارەسەری کێشەی کورد و دەنگدانەوەی ئەم مەسەلەیە لە میدیا جیهانیەکاندا، جارێکی تر تورکیای خستەوە سەر ڕێی ئاشتی و پێکەوە ژیانی نەتەوە جیاوازەکانی تورکیا، هەروەها بەم دواییە pkk سیاسەتی خۆی لەنێو تورکیا و پەیامی ئاشتی بۆ هەمو جیهان دوپاتکردوەتەوە، وەک دەبینین قۆناغەکانی هەنگاوی ئاشتی دەستپێکردوە بە شێوەیەکی پراکتیکی، کە لەسەرتادا بە کشانەوەی گەریلاکانی pkk لە خاکی تورکیا دەستی پێکردوە بڕیاریشە هەنگاوەکانی تر بەدوایدابێت. بۆ قسەکردن لەسەر هەموو ئەو ئاریشانەو بارودۆخی تورکیاو باکوری کوردستان، گۆڤاری ئایدیا دبلۆماتیک دیدارێکی تایبەت لەگەڵ زوبێر ئایدار، ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی کۆما جڤاکێن کوردستان KCK، لە برۆکسل سازکردوە.



***چۆن پەکەکە و حکومەتی تورکیا گەیشتە قۆناغێکی ئاشتی و بڕیاری دیالۆگیاندا؟**

– مەبەستی هەردوولا بۆ ئەم قۆناغەدا جیاوازە، ئێمە وەک بزوتنەوەی ئازادی، ماوەی ۲۰ ساڵە خەبات لەپێناوی ئاشتیدا دەکەین، هەمیشە ئامادەی دیالۆگ بووین و دیالۆگەکانی ڕابردوش لەلایەن ئێمەوە بنبەست نەبوون، بەڵکو لایەنی بەرامبەر تێکیاندا، لەبەرئەوە پرسیارێکی لەو شێوەیەی بۆ ئێمە پێویست ناکات، کە بۆچی ئێستا دەست بەو قۆناغە کراوە، چونکە ئێمە دەمێکە ئامادەی ئاشتی و دانوسانین، بەڵام ئەو پرسیارە گرنگە کەلە دەوڵەتی تورک بکرێت، بۆچی لەم کاتەدا ئەوان بڕیارێکی لەو شێوەیەیاندا؟

لەساڵی 2011 دا حکومەتی تورکیا بڕیاریدا لەڕێی سەربازییەوە ئێمە قڕبکات، بۆیە لە قۆناغی دانوسانەکانی ئۆسلۆدا داواکانی ئێمەیان قبوڵ نەکرد و ئامادەی چارەسەر نەبوون و بڕیاری شەڕیاندا، ئەوەبوو لە مانگی شەشی هەمان ساڵدا بڕیارەکەی خۆیان خستە پڕاکتیکەوە و شەڕێکی دژوار دەستی پێکرد، ئەو کاتە پڕوپاگەندەکانی ئەوان ئەوەبوو کە مۆدێلی تامیلەکانی سریلانکامان بەسەردابێنن، لە ئەساسدا ئامادەکاری ئەوەشیان کردبوو.

پێش ئەوەش تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا لەسەر پلانێکی لەو شێوەیە ڕێکەوتبوون، خۆی هەر پێشتریش ڕێکەوتنێکی نێوان تورکیا و سوریا و ئێران دژ بە کورد هەبوو، بەڵام پاشان بەشێوەیەک لە شێوەکان حکومەتی عێراقیشیان هێنایە ناو هاوکێشەکەوە، بەپێی ئەو پڕۆژەیە سوریا لەناوخۆدا ڕێوشوێنی توندی دژ بە ئێمە گرتەبەر و هاوکاری تورکیای کرد، ئێرانیش هێرشی کردە سەر قەندیل، تورکیا هەم لەناوخۆیدا شەڕی دەکرد و هەمیش هێرشی دەڤەری بادینانی دەکرد، عێراق بەشداری شەڕ نەبوو، بەڵام وا ڕێکەتبوون کە عێراق ڕێگەی لۆجیستی و ئابوریمان لێبگرێت لەسنوری خۆیەوە تەنگەتاومان بکات، بەو شێوەیە دەیانگوت پەکەکە لەناودەبەین، وەک دەزانرێت 16 تەموزی ساڵی 2011 ئێران، دەستی بەهێرشی سەر قەندیل کرد، لەئاکامدا شەڕێکی دژوار هاتە ئاراوە، بەڵام ئێران لەو شەڕەدا سەرنەکەوت، ئەوەبوو ئاگربەست لەنێوان هێزی ڕۆژهەڵات و ئێران ڕاگەیەنرا، ئەو ئاگربەستە تا ئێستاش بەردەوامە.

> **لە شەڕی 2012 دا تورکیا لەبەرامبەر ئێمە نەک سەرنەکەوت، بەڵکو ڕووبەڕووی شکستێکی مەزن بوویەوە، پلانەکەی تامیل پێچەوانە بوویەوە و کورد سەرکەوت**

دژ بەو پلانە لە هەرچوارپارچەی کوردستان بەتایبەتی لە باشوری کوردستان خۆپێشاندان و ناڕەزایی مەزنی جەماوەری هاتە ئاراوە و پشتگیری لە بزوتنەوەکەمان کرا، تورکیاش کە بینی ئێران لە شەڕی قەندیل و لەناوخۆشدا لە شەڕدا سەرنەکەوتن بۆیە سوپای تورک نەیتوانی بچێتە دەڤەری بادینانەوە، پاشانیش لەسەر مەسەلەی سوریا و دانانی سیستمی پاتریۆت لە مالاتیا لەلایەن ناتۆوە پەیوەنییەکانی نێوان ئێران و تورکیا ساردی تێکەوت، ئەوە بووە هۆی ئەوەی ڕێکەوتنەکەی نێوانیان دژی ئێمە واژۆیان کردبوو نەگاتە ئەنجام.

لە شەڕی 2012 دا تورکیا لەبەرامبەر ئێمە نەک سەرنەکەوت، بەڵکو ڕووبەڕووی شکستێکی مەزن بوویەوە، پلانەکەی تامیل پێچەوانە بوویەوە و کورد سەرکەوت، لەڕۆژئاوا ستاتۆیەکی کوردی نزیک لەو ستاتۆیەی ئێستای باشوری کوردستان دەرکەوت زۆربەی دەڤەرەکانی ڕۆژئاوا کەوتنە دەست هێزی ئازادی کوردان، ئەوەش تورکیای خستە جموجوڵ، لەدوای شەڕی دژواری ساڵی 2012 و شەڕی سوریا و سەرهەڵدانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، تورکیا پڕۆژەی ئەوەی هەبوو تا لە گۆڕانکاریەکانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا ڕۆڵی سەرەکی ببینێت، بەڵام دەبینی هەموو پۆتانسیالی لە کوردستاندا سەرف دەبێت، بۆیە زانی کەلەو دۆخەدا ناتوانێت نەلە ڕۆژهەڵاتی ناوین و قەفقاسیا و نەلە باڵکانیش ڕۆڵ ببینێت، ئەوەبوو تورکیا گەیشتە ئەو بڕیارەی لەگەڵ کوردان بکەوێتە دیالۆگەوە، دەبێت ئەوەش بڵێم لەو نێوەندەدا سیاسەتی باشوری کوردستان لە قۆناغەکەدا پۆزەتیڤ بوو، تورکیا دەزانێت کە ناتوانێت نەوت لە باشوری کوردستان وەربگرێت و بازرگانی لەگەڵ ئەوان بکات دۆستی باشور و دوژمنی باکوربێت، بۆیە لە سەرەتای زستانی ساڵی 2012 تورکیا لە ئیمراڵی دەستیکرد بە گفتوگۆ و دانوسان لەگەڵ سەرۆک ئاپۆ و لەسەری ساڵیشدا بەڕەسمی دیالۆگ ڕاگەیەنرا و وەک دەبینن تائێستاش بەشێوەیەکی پلانکراو بەڕێوەدەچێت.

***ئێوە قۆناغی ئۆسلۆتان کرد بۆ ئەوەی قۆناغی ئۆسلۆ بنبەست بێت، بەڵام نەگەیشتن ئەنجام؟**

– قۆناغی ئۆسلۆ لەساڵی 2006 دا ناڕاستەوخۆ لەگەڵ تورکیا دەستی پێکرد، لە کۆتایی ساڵی 2007 دا ڕووبەڕووی دانیشتین، لەدوای مانگی نۆی ساڵی 2008 جموجۆڵێکی خێراتری بەخۆیەوەبینی و دانیشتنەکانمان زیاتربوون، ئێمە لەو قۆناغەشدا ئامادەی چارەسەری بووین، پڕۆژەکانی خۆمان و نەخشەڕێی سەرۆک ئاپۆ کە داینابوو پێشکەشی لایەنی تورکیا و ڕای گشتمیان کرد، بەڵام ئێمە لە قۆناغی ئۆسلۆدا بۆمان دەرکەوت کە تورکیا ئامادەی چارەسەرییەک نییە، کە مافە بنچینەییەکانی کوردان قبوڵ بکات، ئەوان پەیمانیاندا پڕۆژەی چارەسەری خۆیان بخەنە سەرمێزی گفتوگۆ، بەڵام نەیانکرد، هەرجارەو بەهانەیەکیان دەدۆزیەوە بۆئەوەی سود لە کات وەربگرن لەپاڵ ئەوەشدا تەدارەکی شەڕیان ساز دەکرد، جگە لەو ڕێکەوتنە هەرێمیەی کە باسمان کرد تورکیا لەئاستی

نێو نەتەوەیشدا ڕێکەوتنێکی دبلۆماسی لەگەڵ ئەمریکا و ئەوروپا دژ بەکوردان واژۆ کردبوو ئەوانی بۆلای خۆی ڕاکێشابوو، بەخەیاڵی خۆیان داینابوو، کە ئێمە بەشەڕ لەناوببەن، بەڵام ئێستا ڕاستیەکەیان بۆ دەردەکەوێت ئەگەر ئێمە بەشەڕ لەناوبچوینایە ئەمڕۆ نەدەگەیشتینە ئەم قۆناغە.

*** بۆچی ئۆسلۆتان هەڵبژارد؟**

– ئەوە پەیوەندی بە ڕۆڵی دەوڵەتی تورکیاوەیە، بەڵام دیدارەکانی ئێمە تەنها لە ئۆسلۆ نەبوون لە چەند وڵاتێکی تری ئەوروپاش لەگەڵ تورکیا کۆبوینەوە، بەڵام زۆربەیان لە ئۆسلۆبوون لەبەرئەوەی دەوڵەتی نەرویج لەو بوارەدا خاوەن ئەزمونە، زۆر قۆناغی ئاشتی لە مێژوودا لەو وڵاتە گەیشتوەتە ئەنجام ئەوانەش زۆربەیان لەسەر داوای حکومەتی نەرویج خۆی بوون .

*** دەوترێت هەندێک هێزی نێونەتەوەیی هەن کە هەوڵی تێکدانی قۆناغەکە دەدەن بۆنمونە شەهیدکردنی ساکینە جانسز و هەڤالانی لە پاریس وەک نمونەیەک نیشان دەدرێت ، شتێکی لەو بابەتە هەیە ؟**

– بێگومان هەندێک هێز هەن بەم قۆناغە دڵخۆش نین، هەندێک لەو هێزانە سود لە شەڕی نێوان کورد و تورک دەبینن و ئاشتی بە بەرژەوەندی خۆیان نازانن، مەسەلەی پاریسیش بەشێکە لەوە.

بەڵام لەوێ ڕۆڵی تورکیا لەهەمووی زیاتربووە، بەبڕوای من هێزە تایبەتیەکانی تورکیا ئەو تاوانەی پاریسیان ئەنجامداوە، ئەوانە هێزێکن لەناو بەڕێوەبەریی دەوڵەتی تورکیا بە پشتگیری هەندێکی هێزی نێودەوڵەتی ئەرکدار کراون کە بەڕێوبەرانی ئێمە تیرۆربکەن، بەڵام پرسیار ئەوەیە کە بۆ لەسەرەتای دەستپێکردنی ئەو قۆناغەدا ئەوەی پاریس ڕوویدا؟ لە سێی مانگی کانونی دووهەمدا شاندێکی بەدەپە چوە ئیمراڵی و شەش ڕۆژ دوای ئەوە لە نۆی کانونی دووهەم سێ هەڤاڵی ئێمەیان لە پاریس شەهید کرد، ئەوە دیارە کە ئەو کەسانەی لەلایەن دەوڵەتەوە پێشووتر بۆ کوشتنی ئێمە ئەرک دار کرابوون دەستوبردیان کرد تا قۆناغەکە تێکبدەن، بەڵام هەموو ڕێگاکان دەچنەوە سەر ئەنقەرە و ئەو تاوانە لەوێوە پلانی بۆدانرابوو.

ئێمە چۆن باوەڕمان بەخۆمان هەیە لەشەڕدا ئەنجام بەدەست بخەین ئاواش بەباوەڕین کەلە دیالۆگدا سەربکەوین، بەڵام ئێمە ڕێوشوێنی پێویستیش فەرامۆش ناکەین

*** ڕۆڵی ئەوروپا و ئەمریکا چیە لەم قۆناغەدا ؟**

–ئەو قۆناغەی ئێستا لەنێوان بزوتنەوەی کورد بە بەڕێوبەرایەتی ئۆجەلان و حکومەتی تورکیادایە، هێزە نێودەوڵەتیەکان ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆیان تێیدا نییە، تورکیا ئێساش و لە ئۆسلۆش بەئێمەی دەگوت ناخوازێت کەسێکی بیانی لەنێوانماندا هەبێت ئێمە خۆمان پرسەکان چارەسەر دەکەین .

لەبەرئەوەی ئۆجەلان ئێستا لە زیندانی ئیمراڵیدایە دەوڵەت بەئاسانی دەتوانێت دیدارەکان ئەنجامبدات، هەتا دەبینین ئەوروپی و ئەمەریکیەکانیش زۆر ئاگادار نەکراونەتەوە ئێمە لای خۆمان هەندێک لایەنمان ئاگادارکردوەتەوە، بە تورکیامان گوتوەکە ڕاستە ئاکتۆری سەرەکی ئەم قۆناغە کورد و تورکە، بەڵام هێزە نێونەتەوەییەکان دەتوانن ڕۆڵی ئاسانکاریمان بۆ ببینن، وەلێ تورکیا تا ئێستا ئەوە قبوڵ ناکات، لەبەرئەوە ئێستا ناتوانین بڵێین ئەوروپا و ئەمریکا ڕۆڵیان لەم قۆناغەدا هەیە ، بەڵام وەک پرەنسیپ هەموویان لێدوانیانداوە و پێشوازیان لە قۆناغەکە کردوە.

*** باشە ئەگەر تورکیا قبوڵ نەکات، لایەنی سێهەم لە دانوسانەکاندا هەبێت ئەدی کەواتە گرەنتی سەرکەوتنی ئەم قۆناغە بۆ کورد چیە ئەوە گومان دروست ناکات کە تورکیا نیازی پاک نییە لەم دانوسانانەدا ؟**

– دیارە قۆناغ بەگومان بەڕێوەناچێت، ئێمە وەک کورد دەمانەوێت شاهید و لایەنی بێ لایەنی سێهەم لە نێوانماندا هەبێت، تا چاودێریمان بکات و کاریگەری ئەرێنی لەسەر قۆناغەکە هەبێت، ئێمە بە باوەڕبوون بەخۆمان دەستمان بەم قۆناغە کردوە نەک باوەڕ بە دەوڵەتی تورک و سەرۆک وەزیرانەکەی، ئێمە هەلومەرجەکە هەڵدەسەنگێنین ئەوە هەلومەرجی کوردستان و تورکیا و هەرێمەکە، کە هەردوولا ناچاری دیالۆگ دەکات و چارەسەریش بۆ هەردوولا سەرکەوتنە و شەڕیش بۆ هەردوولا زیانبەخشە، ئێمە چۆن باوەڕمان بەخۆمان هەیە لەشەڕدا ئەنجام بەدەست بخەین ئاواش بەباوەڕین کەلە دیالۆگدا سەربکەوین، بەڵام ئێمە ڕێوشوێنی پێویستیش فەرامۆش ناکەین.

*** ماوەیەک بەر لە ئێستا ئەنجومەنی کۆنسەی ئەوروپا بڕیاری لابردنی ناوی تیرۆریان لەسەر پەکەکەدا ، ئایا ئەمە دەبێتە هیوایەک کە ئەوروپا ناوی پەکەکە لە لیستی تیرۆر دەربێنێت چ کارێک بۆ ئەوە کراوە ؟**

– ئەم دانوسانانەی ئێستا لەم کاتەدا بۆ ئێمە لە ئاستی نێونەتەوەییدا ڕۆڵێکی پۆزەتیڤ دەبینێت، کە ستاتۆیەکی دبلۆماتیک دەداتە بزوتنەوەی ئازادی، ئێستا لە قۆناغێکداین کە کەس باوەڕ بەوەناکەت بڵێن ئەوە بزوتنەوەیەکی تیرۆریستیە، بۆیە ئەمە هەلێکە بۆ ئێمە کەلەلایەنی سیاسی و حقوقی و دیبلۆماسی چالاکتربین دژ بە لیستی تیرۆر، ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی ئەوروپا کە ناوی پەکەکەی لە تیرۆرەوە گۆڕی بۆ ئەکتیڤیست بۆ بزوتنەوەکەی ئێمە ئیماژێکی (ڕوویەکی) باشە، لە ڕۆژانی داهاتوودا لە ئاستی پەرلەمان و گەل و دەوڵەتدا ئەو هەوڵانە زیاتردەبن، ئەم قۆناغە دەبێت هۆی ئەوەی ئیماژی بزوتنەوەکەمان بەتەواوی بگۆڕێت، دوای ئەوەی تورکیا بەئاشکرا ڕایگەیاند کەلەگەڵ پەکەکە دەچنە سەرمێزی گفتوگۆ و شاندەکان

لەنێوان ئیمراڵی و قەندیل و ئەوروپا دێن و دەچـن، کە هەموو ئەوانەش بە شێوەیەکی لیگاڵ و قانونی و مەشروع دەکرێن، ئەوکات ناوی پەکەکە لە لیستی تیرۆردا بۆخۆی بێ مانا دەبێت، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە ئەمریکا و ئەوروپا بەم زوانە لیستی تیرۆری خۆیان ناگۆڕن، هەتا نەگەینە چارەسەری ئـەوان لیستەکەیان نـاگـۆڕن، بـەڵام ئێمە بەهەموو شێوەیەک کاردەکەین دژ بەو لیستەیە و وادەکەین کە هیچ مانایەکی نەمێنێت ؟

*** چەندێک هیواتان بەئازابوونی ئۆجەلان هەیە ؟**

– خـۆی ئـەم قۆناغە سـێ هەنگاوە، هەنگاوی یەکەمیان ئەوەیە کە ئێستا نراوە وەک ئاگربەست، کشانەوەی گەریلاکان، دروستکردنی کۆمیسیۆنی چـارەسـەری بە بڕیاری پەرلەمانی تورکیا و کۆمیسیۆنی ئاقڵمەندان، هەنگاوی دوهەمین ، گۆڕینی دەستور و یاساکانی تورکیایە لەمەڕ کوردان، کە بۆئێمە خاڵە ئەساسیەکانە، پێویستە پرسی کرد لەسەر ئەساسی دەستور چارەسەربکرێت، هەنگاوی سێهەمیش نۆرماڵیزاسیۆنە واتا پرسەکە بەتەواوی چارەسەرکرابن و ڕێگەی خەباتی سیاسی ئازاد بۆ هەمووما لەناویدا ئۆجەلان و بزوتنەوەی کـوردی بکرێتەوە، ئەوانە ئامانجەکانی ئەم قۆناغەن و لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەوانەدا سەرۆک ئاپۆش ئازاد دەبێت لەوە زیاتر هیچ ڕێگەیەکی تر نییە، کەسێک ناتوانێت بچێتە بەسەرۆک ئاپۆ بڵێت شەڕ ڕاگرە و گەریلا لە هەرێمەکە بکشێنەوە و خۆشت لە زینداندا بخەوە، ئەوە هەرگیز ببێت چونکە نەمەنتقیە، نە ئەخلاقیە و نەئینسانییە، ئێمە داوامان کردوە و دەوڵەتیش قبوڵی کردوە، کە هەنگاو بە هەنگاو ڕەوشی سەرۆکـمـان لـە ئیمراڵی باشتربکرێت و ئاسانکاری بۆ بکرێت تا هەرکەسێک ببینێت و ببینن تا بتوانێت لە پرۆسەی ئاشتیدا ڕۆڵی باشتر بگێڕێت.

*** دەوترێت هەندێک وڵاتی هەرێمیش بەم قۆناغە خۆشحاڵنین نمونەی ئێران و روسیا؟**

– روسیا لێدوانیدا و وتی ئێمە پشتگیری ئـەم قۆناغە دەکـەیـن لـەوە زیـاتـر هیچی ترمان لێنەبیستوە، بەڵام هەندێک دەورووبەر شرۆڤەیەکی وا دەکەن کە ئێران و سوریا بەم قۆناغە نارەحەتن، ئێمە سەیری ئەوە ناکەین کێ پێی خۆشە و کێ پێی ناخۆشە پرۆژەیەکی ئێمە ئەوەیە کە چۆن پرسەکانی کورد لە تورکیا چارەسەرببن، بەهەمان شێوە لە ئێران و سوریاش هەتا لە عێراقیش ئەو کێشانەی لەگەڵ ناوەند هەیە بەشێوەیەکی ئاشتی و دیالۆگ چارەسەرببێت، چۆن دەمانەوێت بە یەکسانی و دۆستانە لە تورکیا لەگەڵ تورکدا بژین بەهەمان شێوەش دەمانەوێت لە عێراق و سوریاش لەگەڵ عەرەبدا یەکسان و دۆستانە بژین، لە ئێرانیش دەمانەوێت لەگەڵ گەلانی فارس و ئازەری و نەتەوەکانی تر لە ئاشتی و برایەتیدا بژین، پرۆژەی چارەسەری کورد دژی هیچ نەتەوەیەک نییە، پێویست ناکات کەس لەوە بترسێت و دڵگرانبێت، ئێمە لەم هەرێمەدا خەبات بۆ ئـازادی خۆمان دەکەن هەوڵ دەدەین ئەو مافانەی لێمان زەوت کراوە بەدەستی بخەینەوە و زوڵم و ستەمی سەر گەلەکەمان ڕاگرین ئێمە دژی گەلانی ترنین لە هەرێمەکەدا، بۆیە پێویست ناکات هیچ هێزێک دژی پرۆژەکانی ئێمە بوەستێت، ئەگەر هەر هێزێکیش دژایەتی ئەم قۆناغەبکات و بیەوێ تێکی بـدات یا سووربێت لـەسەر سیاسەتی پێشووی خـۆی دژ بە کـوردان، ئـەوا ئێمە ئامادەین بەهەموو شێوەیەک ڕووبـەڕووی ببینەوە .

*** ڕۆڵی پارتە کوردیەکانی کوردستان لەم قۆناغەدا چیە ؟**

– هەموو پێشکەوتنێک لە پارچەیەکی کـوردسـتـان کـاریـگـەری پۆزەتـیـڤ لەسەر پارچەکانی تر دەکات، ئەگەر نێگەتیڤ بێت ئەوا کاریگەری نێگەتیڤی دەبێت ، بۆ نمونە بـارودۆخـی ئێستای ڕۆژئـاوای کوردستان ڕاستەوخۆ کاریگەری پۆزەتیڤی لەسەر پرسی کـورد لە باکوری کوردستان کـردوە، ئێمە وتمان ئەوروپا و ئەمریکا ڕۆڵێکی ئەوتۆیان لە قۆناغەکەدا نییە وەلـێ بەپێچەوانەوە



زوبێر ئایدار لەگەڵ بەشێک لە ئەندامانی کۆنسەی سەرۆکایەتی pkk– قەندیل

ڕۆڵی بەڕێوبەرایەتی باشوری کوردستان لەهی دەرەوە زیاترە، ئێستا باشور ڕۆڵی ئاسانکردن دەبینێت، لەپەیوەنییەکانی ئابوری و نەوت لەگەڵ تورکیا و پەیوەندیەکانیان کورد و تورکدا کاریگەری خۆی دەرخستوە، ئێمە لەگەڵ هەموو پارتە کوردیەکاندا قسەمان کردوە ڕاوێژمان پێکردون و ڕاو سەرنجی ئەوانمان وەگرتوە، پارتە کوردیەکان لە هەرچوارپارچەی کوردستان پشتگیری قۆناغەکە دەکەن، هەموو کەسێک بە چارەسەری پرسی کورد لە باکوری کوردستانەوە پەیوەستە، چونکە ئەوە چارەسەری کوردستانی گەورەیە، بۆیە پێویستە هەمووولایەک پشتگیریمان بکات، ئێمە لەو بوارەدا چاوەڕوانی کاری زیاتر لە بەڕێوبەرایەتی باشوری کوردستان دەکەین.

*** دەوترێت ڕۆڵی بەڕێز سەرۆک کۆماری عێراق مام جەلال تاڵەبانی لەقۆناغە یەک لە دوای یەکەکانی ئاشتی و دیالۆگ لە تورکیا هەبووە، نمونەی دانوسانەکان لەگەڵ تورکوت ئۆزالی سەرۆکی کۆچکردوی تورکیا، هەتا ماوەیەک لەمەوبەر بەڕێز ئۆجەلان لە ئیمراڵیەوە نامەیەکی بۆ مام جەلال ناردبوو جگە لە هیوای ساغ و سەلامەتی ڕۆڵی ئەوی لە مێژووی ئاشتیدا لە تورکیا دەستنیشان کردوە ڕۆڵی مام جەلال لەو بوارەدا چیبووە ؟**

– بەڕێز مام جەلال لە تێگەیشتنی قۆناغی دیالۆگدا خاوەن ئەزمونێکی مەزنە، 20 ساڵ لەمەوبەر لە یەکەمین هەنگاوی ئاشتی و دیالۆگی نێوان ئێمە و دەوڵەتی تورکیا بۆ چارەسەری پرسی کورد مام جەلال ڕۆڵی سەرەکی هەبوو و ئەو بوو هەنگاوی یەکەمی نا، ئەگەرچی ئەو قۆناغە سەرنەکەوت، بەڵام دیوارێکی پسکۆلۆژی شکاند، تورکیا ئەوکاتە دەیگوت ئێمە بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ تیرۆرستان لەسەرمێزێک دانانیشین، بەڵام لەو قۆناغەدا ئەو دیواری تیرۆرە شکا، ئەوە زۆرگرنگ بوو لەبەرئەوەی ئەم قۆناغەی ئێستاش لەسەر هەمان هێڵ بەڕێوە دەچێت، لەو نێوەندەدا مام جەلال ڕۆڵێکی مێژوویی بینی، هەتا لە ئامادەکاریەکانی قۆناغی ئۆسلۆش ، بەشێوەیەک لە شێوەکان ڕۆڵی مام جەلالی تێدا هەبوو، ئەو هەمیشە پەیوەندیەکانی لەگەڵ تورکیا لەسەر ئەو ئەساسەی چارەسەری کێشەکانی کورد لە تورکیا بە ئاشتی و دیالۆگ دادەنا، لەم قۆناغەشدا لە ڕێی پەیوەندیەکانییەوە ڕۆڵی باشی بینی، بەڵام مەخابن لەکاتێدا لە یەکەمین هەنگاودابوین کە مام جەلال دەیتوانی ڕۆڵی زۆر گرنگ بگرێتە ئەستۆی نەخۆش کەوت، بۆیە ئێمە هیوادەخوازین بەزوترین کات چاک بێتەوە و بگەڕێتەوە ناومان تا هێزبدات بەم قۆناغی ئاشتیە، ئێستاش کاربەدەستانی باشور سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی حکومەت ڕۆڵی باش و ئاسانکاریان هەیە بەتایبەتی لە هاتن و چوونی شاندەکانی بەدەپەدا ، دەتوانن ڕۆڵی باشتریش ببینن.

*** ماوەیەک بەر لەئێستا شاندێکی کەجەکە لەسلێمانی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان کۆبوویەوە، ئەو هەنگاوە لەم کاتەدا چۆن دەنرخێنن ؟**

– دیارە ئێمە پێشووتریش دیدار و دانوسانمان لەگەڵ یەکێتی و پارتیدا هەبووە، بەڵام ئەمە جاری یەکەمە یەکێتی دیدارەکانی خۆی ناشارێتەوە و بەکراوەی لەڕووی میدیاکاندا ئاشکرا دەکات، ئەوەش زۆر گرنگە، چونی شاندێک لە قەندیلەوە بۆ سلێمانی و دانیشتی لەگەڵ کاربەدەستانی یەکێتی بەئاشکرا بەرووی خەڵکدا گرێدراوی قۆناغەکەیە و کاریگەری پۆزەیڤی دەبێت، هیوادارم ئەوە تەنها لەیەکێتیدا نەمێنێتەوە بەڵکو هەر دیدارێکمان کەلەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانیش دەیکەین بە ڕووی خەڵک و چاپەمەنیدا کراوەبێت سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی هەرێم کاری وەها بکەن، پێوستە کورد لەپێشدا ڕێگەی مەشروعیەت لەگەڵ یەکدا پێشبخەن، پاشان دەتوانن لەگەڵ دەوڵەتان هەنگاوی هاوشێوە بنێن، بۆیە ئەم هەنگاوەی یەکێتی و دیدارەکانی سلێمانی بەئاشکرا کراوە بەڕووی میدیاکاندا وەک سەرەتایەکی نوێ و بوێرانەی دەبینین .

*** چارەسەری پرسی کورد لەتورکیا چەندێک کاریگەری لەسەر پارچەکانی تری کوردستان بەتایبەتی و هەرێمەکە بەگشتی دەبێت ؟**

– پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا پرسی هەرە مەزنە، هەموو گۆڕانکارییەک لە باکوری کوردستان کاریگەری لەسەر پارچەکانی تری وڵات هەیە، لەبەرئەوە باکوری کوردستان پارچەی هەرە مەزنە هەموو چارەسەرییەک لەوێ ڕێخۆشکەرە بۆ چارەسەری پارچەکانی تر، کاتێک ڤیتۆی تورکیا لەسەر کورد بشکێندرێت، کە تا ئێستا تورکیا پێشەنگی هەموو ئیتیفاقەکانی دژ بە کورد دەکات، ئەوکاتە چارەسەری لە پارچەکانی تر ئاسان دەبێت، پێشووتر کاتێک لە عێراق پرسی چارەسەری کێشەی کورد بهاتایەتە ئاراوە تورکیا دەستی تێوەردەدات و دەیگوت ئەوە بۆ ئێمە هێڵی سورە، ئێران و هێزەکانی تریش بەهەمان شێوەبوون، واتە ئەگەر کورد لە باکوری کوردستان کێشەکانی چارەسەرببن ئەوا کەس ناتوانێت دەست لەو دەستکەوتانە بدات، کەلە ڕۆژئاوای کوردستان کوردان بەدەستیان خستوە، لە سوریای نوێدا کوردان دەبنە خاوەن پێگەیەک و خۆیان خۆیان بەڕێوەدەبەن، لەهەمان کاتدا چارەسەرییەکە بۆ کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانیش حکومەتی بەغداد ناچار دەبێت باشتر لەگەڵ هەولێر ڕێکەوێت، ئەم قۆناغەی ئێستا لە باکور دەستی پێکردوە کاریگەری لەسەر ئەو هاتوچۆیەی ئێستای نێوان هەولێر و بەغداد هەیە، بەهەمان شێوە کاریگەری لەسەر ئێرانش دەبێت، ئەگەر پارچەکانی تر ئازادبن و کێشەکانیان بگەیننە چارەسەری ئەوا چیدی ئێرانیش ناتوانێت لەسەر سیاسەتی پێشووی خۆی دژ بە کوردان بەردەوام بێت و ناچار دەبێت بە ڕێی دیالۆگ چارەیەک بۆ مەسەلەکان ببینێتەوە، لەوەش گرنگتر ئەوەیە، کە کورد ترسی ئەوەی نامێنێت ئەوەی بەدەستی خستوە لە دەستی بدات .

بێگومان و کاریگەری هەرە مەزن لەسەر هەرێمەکەش دەکات، ئەگەر تورکیا کێشەی کوردی چارەسەرکرد ئەوە بەواتای دیموکراتیزەکردنی تورکیا دێت، واتە لەوێ وڵاتێکی دیموکراتیک ئاوا دەکرێت، ڕێکەوتنێکی دیموکراتیک لە نێوان کورد و تورکدا دروست دەبێت، کاریگەری لەسەر دیموکراتی بوونی هەرێمەکە جێدێڵێت، کە دەکرێت وەک ئیتیفاقی دیموکراتیزەکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوین ببینرێت، پرۆژەی بزوتنەوەکەی ئێمەش بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوین، یەکسانی گەلان، یەکسانی باوەڕەکان،

پاراستنی هەموو ناسنامە چاندیەکان و ئاواکردنی هەرێمێکی دیموکراتیکە، واتە یەکێتیەکی وەک یەکێتی ئەوروپا لە هەرێمەکە دەخوازین، کوردستانیان لە دڵی ڕۆژهەڵاتی ناویندا کردوەتە چوارپاچە لەم سەد ساڵەی ڕابردودا هەمیشە بووەتە جێگەی خوێن و مردن، ئەو سنورانەی کە بەخوێن دروستیان کردوە ئیدی مین و تەلی دڕکاوی تێدا نامێنێت، بەڵکو دەبێت سنوری دیموکراتیک بوون و دۆستایەتی گەلان و سنوری بازرگانی، واتە بە چارەسەری پرسەکانی کورد ئەو شوێنانە دەبنە سنوری بناغەی یەکێتی هەرێمەکە، کە گەلان بتوانن تێیدا لەگەڵ یەکدا بەئاشتی بژین، من هەمیشە دەڵێم لە ئەلبستانەوە تا لوڕستان، واتە لە ڕۆژئاواوە و بۆ ڕۆهەڵاتی کوردستان هەر کوردێک بیەوێت گەشتێک بکات نابێت داوای پەساپۆرتی لێبکرێت، ئەگەر داوای پەساپۆرتیان لێنەکرد و کارمەندی سنورەکان بەزمانی کوردي قسەیان کرد ئەوکات بزانە پرسەکانمان چارەسەربوون.

*** پەیوەندیەکانی ئێستای نێوان کورد و کورد چۆن دەبینن ؟**

– ئەمە پرسیارێکی گرنگە، یەکێتی نێوان کوردان زۆر پێویستە، هەمیشە هێزەکانی دەوروبەرمان هەوڵیانداوە کوردان نەبنە یەک ، هەمیشە هەڕەشەی ئەوەیان کردوە، کە ئێمە قبوڵ ناکەین ئێوە یەک بن و ڕێگەتان پێنادەین، بۆیە تا ئێستاش یەکێتیەکی ستراتیژیک لەنێوان کوردان دروست نەبووە، ئەم قۆناغەی ئێستا کەلە باکوری کوردستان دەستی پێکردوە دەتوانێت دەروازەیەک بێت بۆ یەکێتی کوردان، چونکە ئێستا دەبینین هەموو پارت و سەرکردە کوردەکان هاوهەڵوێستن، ئەوەش یەکەمینجارە کە شتێکی وا لەناو لایەنە کوردییەکاندا دەبینرێت، ئەوەتا هەمووومان دەخوازین ستاتۆیەکی باش لە ڕۆژئاوای کوردستاندا دروستبێت، ناوچە دابڕاوەکان بێنەوە سەر هەرێمی کوردستان و دەسکەوتەکانی باشور بپارێزرێن، هەمووومان خوازیارین قۆناغی چارەسەری لە باکوری کوردستان سەرکەوێت، هەمووومان داوای ئازادي و ستاتۆیەک بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین، هەڵوێستی کوردان لەم کاتەدا لەزۆرشتدا نزیکی یەکن، لە ڕۆژانی داهاتوودا کۆبوونەوەی جڤاتی گشتی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان (کەنەکە) هەیە، کەنەکە خۆی نوێ دەکاتەوە، پارتەکانی هەرچوارپارچەی کوردستان لەو پلاتفۆرمەدا ئامادە دەبن و پەیامەکانی خۆیان دەدەن، ئەوەش دەبێتە بناغەی یەکێتی گەلی کورد، ئەو کۆنفرانسەی لە داهاتوودا لە هەولێر دەبەسترێت دەبێتە بناغەیەکی باشتر، ئیتر کاتی ئەوە هاتوە ئێمە وەک کورد ستراتیژییەکی هاوبەشمان هەبێت، دبلۆماسیەتی هاوبەش لە جیهاندا بەڕێوەببەین ئەگەرچی هەندێک کەموکوڕی هەیە بەڵام ئێستا زۆر لە پێشووتر باشترە .

*** زۆر سوپاستان دەکەین شتێکی جیاوازتان هەیە بیڵێن؟.**

– بەگەلەکەمان دەڵێین کە دوای تێکۆشینێکی دورودرێژ دەبینین ئێستا بەرەوە چارەسەری دەچین، چارەسەری هەمووومان بەم قۆناغەوە گرێدراوە، ئەمساڵ (PKK) پێیی نایە 40 هەمین ساڵی تێکۆشانییەوە، واتە 40 ساڵە تێکۆشان بۆ چارەسەری دەکات ، ئێمە وەک بەڕێوەبەرانی ئەم حەرەکەتە بەبڕیارین لەسەر تێکۆشان تا گەیشتە بە ئامانجەکانمان، بۆ ئەو مەبەستەش هەموو ڕێوشوێنێکی پێویستیش دەگرینە بەر، ئێمە چۆن شەڕمان کردوە ئەواش دانوسان دەکەین، باوەڕمان بەخۆمان هەیە و داوای پشتگیریش لەگەلەکەمان و هەمووپارتە کوردیەکان دەکەین داوا دەکەین پشتمان بگرن تا لەم قۆناغەدا بگەینە باشترین ئەنجام، پێویستە هەمووکەسێکیش بیروڕای خۆی بە ئازادانە دەربڕێت، ئەمەی ئێستا هەیە بەتەنها پرسی کوردی باکورنییە، تەنها کێشەی نێوان پەکەکە و ئەکەپەش نییە، بەڵکو مەسەلەی چارەنوسی گەلی کوردە ، مەسەلەی کورد و حکومەتی تورکیایە، هەموو کوردێک لە هەرکوێ دەژی هەقی خۆیەتی قسە لەسەر ئەم قۆناغە بکات و ڕاوسەرنجی خۆی نیشان بدات ، لەبەرئەوەی ئەم پرۆسەیە کاریگەری لەسەر قەدەری هەموو کورد دەبێت بۆیە پێویستە کورد لە کوردستان و دەرەوەی وڵات هۆشیاربن و پشتگیری ئەم قۆناغە بکەن تا دەگەینە ئامانجەکانمان.



**پرۆفایل:**

زوبێر ئایدار لەساڵی 1961 لە ناوچەی بەرواری شاری سێرتی باکوری کوردستان لە دایک بووە.

خوێندی یاسای تەواوکردوە ساڵی 1985 کاری پارێزەری کردوە لە ئەنقەرە .

لەساڵی 1988 دا بووە بەسەرۆکی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی تورکیا و پاشان بووەتە سەرۆکی پارتی گەلی سۆسیالیست.

لەساڵی 1991 بووە ئەندام پەرلەمانی تورکیا لەحکومەتەکەی سلێمان دەمیرێل .

ساڵی 1994 لەگەڵ چەند پەرلەمانتاری کورد لە حکومەتەکەی ئەوکاتی سەرۆک وەزیرانی تانسۆ چیلەردا حەسانەی پەرلەمانتاریان لێسەندنەوە و سزای زیندانیان بەسەردا سەپاندن، بەڵام ئایدار بەرلەگرتنی تورکیای بەجێهێشت و ڕووی کردە وڵاتی سویسرا و لەوێ مافی پەنابەری سیاسی وەرگرت.

یەکێک لە دامەزرێنەرانی پەرلەمانی کوردستان بوو لە دەرەوەی وڵات لەساڵی 1995 دا .

لەساڵی 1999 دا لە دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردا جێگەی گرت .

لەساڵی 2003 بوو بە سەرۆکی کۆنگرەی گەل.

لەسەر داوای وەزارەتی خەزێنەی ئەمریکا لەساڵی 2010 دا ماوەی سێ هەفتە لەلایەن حکومەتی بەلجیکاوە دەستگیر و زیندانی کرا.

ئێستاش ئەندامی کۆنسەی بەڕێوبەرایەتی کۆما جڤاکێن کوردستان کەجەکەیە، کەوەک باڵی سیاسی ئەوروپای پەکەکە ناسراون.